كچه شاعیری دورەولات ساردین



# شیعر هەمیشە لە تەنیایی رزگارم دەکا

دیداری :دەرباز

لەسایتەکانی ئەنترنێت رۆژنامەو بلاّوکراوەکان , رۆژدوای رۆژ دەنگی تازەی رۆشـنبیران دەردەکـەوێ لێرەو لە وێ  هەولّی جوان جوان هەیە بۆ هونەرو ئەدەب و هتد. هەرچەندە زۆر  لـەو دەنگانـە دەردەکـەون بـەلاّم هەموو  ئەستێرەکان بە گەشاوەی نامێننەوە ,هەندێکیّان بەردەوام بونیان هەیە ,رۆژ دوای رۆژیش بەرهەمی جوان و بە پێز بلاّو دەکەنەوە .یەکێك لەو شاعیرە هەست ناسکانەی  کە بەردەوام  بەرهەمەکانی لـە سـایت و رۆژنامەکان دەبینرێن خاتونی شاعیر  خاتوو (سارین ) کە خەلکی شاری کەرکوکە و ئێستا لە سوید دەژی لە دواین سەردانی بۆ کوردسـتان لـە ئێـوارە ژوانێکـی  سـەر گویـژەی دلّرفێن  لـە شـاری سـلێمانی گفـت و گۆیەکی شاعیرانەمان لەگەلّ کرد.

– چۆن ئەروانیتە شیعر؟

+ ئەو کاتەی تەنیام هـەموو ژیـانم داگیر دەکـات, دەبێتـە هاوڕێیـەکی بـەردەوامم لـە تـەنیایی رزگـارم دەکات

–ئەو ووشانەی لە هۆنراوەکانت دەریدەبڕی تاچەند پەیوەندی بە ژیانی تایبەتیەوە هەیە؟

+رۆربەیان رەنگدانەوەی ژیانی خۆمن , بـەلاّم هەنـدێ جـار  رۆداوێـك  روئـەدات بـەبێ ئـەوەی هەسـتی پێبکەم ووشەکان خویان دەخزێنە سەر کاغەزی بەردەمم

– شیعری تایبەتیت نوسیوە بۆ کەسێك؟

+چەند شیعرێکم نوسیوە

–بۆ کێ ؟

+ناتوانم

–چ کاتێك شیعر دەنووسی؟

زوربەری کات شەوان  کە تەنیام ,ئەو کاتەش دەچمە دونیایەکی تایبەت

– لە زۆر بەری شیعرەکانت  ووشەی هۆما بەکاردەهێنی بۆ؟

+ هۆما تـەیرێکی ئەزەلیەیە من زۆر  بەلامەوە  جوانە  , ئەو تـەیرە خۆشـی بـۆ مـرۆڤ  دێنـێ لەبەرئـەوە پەنام بردۆتە بەر ئەم تەیرە

– لەو شیعرانەی بلاّوت کردۆتەوە کامەیانت زور بەدلّە؟

+ یەکەم شیعرم بەناوەی (لە پەراوێزی ئەشقێکی ئەزەلیدا) کە لە رۆژنامەی کوردستانی بلاّو بـووە زۆر جوان بوو بە لامەوە

–دوای دابرانێکی زۆر لە کوردستان و گەرانەوت بۆ سوید  ئەو سەفەرە دەبێتە  هەوێنی شیعرەکانت؟

+رەنگە ئەو سەفەرەم رەنگدانەوەی چەندین شیعرم بێت

–   شیعرەکانت رەنگدانەوەی ژیانتن؟

+ بە دڵنیاییەوە  هەموویان رەنگدانەوەی ژیانی تایبەتیمنن , ئەوان وێنەی ژیانمن

–نهێنی ناخت بە شیعر بۆ کەس دەربریوە ؟

+ بەڵێ ئەوەی ئەتوانم بە شیعر دەریبڕم هەرگیز ناتوانم ڕاستەوخۆ دەیبڕم

–ئاستی شاعیرە لاوەکان چۆن دەبینی؟

+کاری جوان دەبینم  دڵنیام کاری جوان نامرێ و هەمیشە دەمێنن مێژوو سەلماندویەتی

_ غەریبی کەسی ئاسای کردۆتە شاعیر  کاریگەری هەبوە لە سەرت؟

+من هەست بە غەریبی ناکەم لە دەرەوە, جار جار بەلام بە کەمی ئەو هەستم لا دروست  دەبیٚ

– شیعرەکانت بەگشتی بۆکی نوسیون؟

+هەمویانم بۆ خۆشەویستی لاوان نوسیون,هیوادارم هەمیشە هەموومان بۆ خۆشەویستی بژین

– بەنیازی شیعرەکانت چاپ بکەیت؟

+بەڵێ بەنیازم ,برادەران لە کەرکوك بەلێنیان پێدام نامیلکەیکم بۆ چاپ بکەن  لێرەوە زۆر سوپاسیان دەکەم